

# یاداشتەکانم

7

لەتیف هەڵمەت

**● پەراوێزو پاشکۆیەك بۆ حەوت ئەڵقەی پێشوو**

لەنێوان دوو گەردوونی نادیاردا لەدایك بووم و گۆشكرام گەردوونی سۆفیگەری و گەردونی شیعر. لەداستانە ئایینییەكاندا هیچ شمشێرێك نییە بتوانێ شمشێرەكەی ئیمامی عەلی (ذو الفقار) ببەزێنێ. لەداستانە میللییەكانیشدا ئاشقان و دڵداران هەتا مردن بۆ یەكتر وەفادارن.. لەشیرین و فەرهاددا، هەردوو ئاشق لەپێناوی یەكتردا خۆیان دەكوژن و داستانی ئەوینیان بە كارەساتێكی خوێناوی كۆتایی پێدێ.

لەچیرۆكی ئەشقی وەلی دێوانەو شەمدا دیسانەوە لە ئەنجامی ململانێیەكی چینایەتیدا شەمی نازدار نادرێ بە دێوانە، ناكۆكی خێڵایەتی و چینایەتی قوت دەبێتەوەو خوێن دەڕژێ، وەلی دێوانەی شێت و شەیدای شەم دەكەوێتە دەشت و دەرو قوڕ دەپێوێ و هاوار دەكات:

**كێلێكی بەرزیش بەقەد باڵای شەم**
**لەژوور سەرم بێ بێ‌زیادو بێ كەم**

لەداستانی میللی (مەم و زین)یشدا بارودۆخێكی ئەفسانەیی دەور دەبینێ و پەری و فریشتە لەكێی ئەڤینیاندا دەور دەبینن، لەئەنجامیشدا كارەسات ڕوو دەدات، مەم لەبارودۆخێكی ئاڵۆزدا دەمرێ و زینیش خۆی دەكوژێ، بۆئەوەی لەو دونیا دەست لەملانی مەمی گیراوی بێ.

لەیەكێ لەدەقەكانی چیرۆكی (لەیل و مەجنوون)یشدا دوای شووكردنی زۆرە ملێی لەیل بەپیاوێكی دی، مەجنوون بۆ ماوەی حەوت ساڵ خۆی دەشارێتەوە، لەو حەوت ساڵەدا باران دەچێتە قیناو زەوی و جەنگەڵ زەرد هەڵدەگەڕێنێ و باڵندەو مەڕو وڵسات لەبرسا دەمرن و خەڵكێكی زۆریش برسێتی دەیانكوژێ.. خەڵك دەزانن ئەم كارە لەبەر ئەو ستەمەیە كە لەمەجنوون كراوە.. لەبەر ئەوە بۆ مەجنوون دەگەڕین و داوای لێدەكەن لەخوا بپاڕێتەوەو باران بباریێ.. لەهەموو، یاخود لەزۆربەی چیرۆكەكانی گوێی ئاگردانیشدا سەركەوتن بۆ هەژاران و خێرخوازانە، یا بۆ كوڕە بچكۆلەی پادشایە كە بەجۆرێك لەجۆرەكانی چەپڕەوی بیردەكاتەوەو هەڵسوكەوت لەگەڵ خەڵك دەكات. هەمووجارێ هەر پاڵەوانێكی خێرخواز بۆ جەنگی دێو و درنج بڕوات، پیاوچاكێك یان كچێكی جوان پەیدا دەبێ پێی بڵێ گیانی دێوەكە لە كولەكەیەكدایە لەپشت دەرگایەكەوە تووڕ دراوە، تاوەكو ئەو كولەكەیە نەشكێنێ دێوەكە نامرێ. لەهەندێ چیرۆكی تریشدا خێرخوازێك بەپاڵەوانە خێرخوازەكە دەڵێ ئەگەر لەگەڵ دێوەكەدا كەوتیتە شەڕ یەك شمشێری لێدەو بەس بیكەی بە دووان هەرگیز نامرێ، یا پێی دەڵێ ئەگەر دێوەكەت دا بەزەویدا، موویەكی درێژ لە بنباڵیدایە هەڵیكێشەو بەو مووە چوار پەلی ببەستە، بەو مووە نەبێ، بەهیچی تر نابەسترێ و لە گۆ ناخرێ. من لەناخی ئەم چیرۆكو داستانو ئەفسانەو نێوان كتێبەكانی باوكم و ئەو مەجلیسە خۆشانەی باوكمدا گەورە بووم كە قورئانی پیرۆزو فەرموودەكانی پێغەمبەرو چیرۆكی پێغەمبەران و پیاوچاكان و سۆفییە گەورەكانی تیادا باس دەكراو شیعرەكانی فەریدەدینی عەتارو حافزو سەعدی تیادا دەخوێندرایەوەو شتی وایان لەباپیرم دەگێڕایەوە لەئەفسانە دەچوو.

یەكەم دیوانە شیعری نوێی كوردی كە خوێندمەوە، دیوانی (بەستەی مەبەست)ی جەمال شارباژێڕی بوو. لەدوای ئەو لەكتێبی گوڵدەستەی شاعیراندا چەند شیعرێكی گۆرانم خوێندەوە ئەو دەمە هیچیانم بەدڵ نەبوو، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم پێش شیعری نوێی كوردی شیعری نوێی عەرەبیم خوێندبووەوە (بیاتی، بدر شاكر السیاب و نازك الملائكە)م لە ١٩٦٤-١٩٦٥دا خوێندبووەوە دەخوێندەوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم هەر لەناوەندی شەستەكاندا لەڕێگای گۆڤاری (المعلم الجدید)ەوە گەلێ شیعری بیانیم خوێندبووەوە، لەوانە: (دوامە فی سروال-ی مایكۆفسكی، هەندێ شیعری بۆدلێر، دیمۆسیە، مالارمیەو..هتد). هەروەها ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، چەند شیعرێكی كامەران و نەسرین فەخریم لەژمارەكانی ئەو گۆڤارەدا بەعەرەبی خوێندەوە، وابزانم مامۆستا (عزەددین مستەفا ڕەسول) ئەوساكە هێشتا دكتۆرای نەبوو، كردبوونی بەعەرەبیو شیعرەكان سەرنجیان ڕانەكێشام.

زۆربەی كتێبە وێژەییەكانی كتێبخانەی ئەوسای شاری (كفری)م خوێندەوە، بۆیەكەم جار لەگەڵ ئەحمەد شاكەلیدا چوومە كتێبخانەكەو كتێبم وەرگرت، كە ئەحمەد شاكەلی خۆی یەكێكە لە كۆڵەكەكانی نوێكاری لەچیرۆكی كوردیدا، بەداخەوە كە ئێستا تین و تاوی جارانی بۆ نووسین نەماوەو گۆشەگیرە.

هیچ شتێك ئەوەندەی گۆڤاری (شیعر٦٩)ی عێراقی و بەیاننامە شیعرییەکە فازڵ عەززاوی و هاوڕێکانی کاری تێنەکردم، نەیهەژاندم تەتەڵەی بیرو هەستی نەکردم و بنەمای هزری شیعری نەگۆڕیم. من و ئەنوەر شاکەلیی هاوڕێم، کە یەکێکە لە پێشەنگانی نوێکاری لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، هەر چوار ژمارەی ئەو گۆڤارەمان لە ڕێگای هاوڕێمان ئەحمەد شاکەلییەوە لەکەرکوکەوە پێ گەیشت، چونکە ئەو لەخانەی مامۆستایان لەکەرکوك دەیخوێند، بەڵام ئێمە لەکفری بووین، ئەحمەد لەو ساڵانەی کەرکوکیدا دیدەنی چیرۆکنووسی جوانەمەرگ لەتیف حامید بەرزنجی دەکرد کە یەکێ بوو لەپێشڕەوانی چیرۆکی نوێی کوردی، ئەگەرچی لەکەرکوك بوو، بەڵام ئەندامێکی باڵای گروپی ئێمە بوو (ئەحمەد شاکەلی، ئەنوەر شاکەلی، لەتیف حامید بەرزنجی و لەتیف هەڵمەت). لەسەرەتادا لەکفری کەسانی دی هەبوون شیعر کردبووینی بەهاوڕێ، لەوانە کاك (علی عبدالله) ڕۆشنبیرێکی چاوکراوە بوو، بەڵام لەگەڵ شیعردا نەیبردە سەرو خووی دایە ڕامیاری، ئەگەر لەسەر شیعرو نووسین بەردەوام بووایە جێی دیاری دەبوو. وەکو گوتم گۆڤاری شیعر٦٩ی عێراقی تەواو گۆڕیمی و کەوتمە لاساییکردنەوەی هەندێ دەقی شیعری ناو ژمارەکانی ئەو گۆڤارەو لەهۆنراوەی (ئەم کولەکانە ئەشکێنم)دا کە لەساڵی ١٩٧٠دا لە دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)دا بڵاوم کردووەتەوە توانیومە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە سوود لە تەکنیك و تەکتیکی شیعری (هذا هو اسمی)ی ئەدۆنیس، (عەلی ئەحمەد سەعید) وەرگرمو لەو دیوانەداو بەتایبەتی لەو شیعرەدا قەوارەو سنوری شیعری باو و ئاساییم شکاندو شێوازێکی نوێم بۆ شیعر دۆزییەوە. ئەوەش ناشارمەوە لەو دیوانەدا چەند شیعرێکم هەیە ڕێبازی گۆرانم تیادا پەیڕەو کردووە. بۆ نمونە: گۆران دەڵێ:

**قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ**

**ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێ ئاڵ...هتد**

منیش لەشیعرێکدا دەڵێم:

**ورد برۆ سڵ مەکە زەردەپەڕ خامۆشە**

**ئەم ڕێیە بەتەنها من و تۆی لەکۆشە...هتد.**

هەروەها لەو دیوانەدا شیعرم هەیە تارمایی شیعری نزار قەببانی بەسەرەوەیە، بۆ نمونە:

**سەرم سوڕماوە خوا تۆی چۆن نەخشی**

**ئەم گشت ئەفسوونەی چۆن بەتۆ بەخشی**

**بۆ چاوت لەکوێ هاوردی ڕەشی**

**ئەی بۆ ڕوومەتت لەکوێی بوو گەشی...هتد**

ئەم شیعرەم تارمایی شیعری نزاری بەسەرەوەیە بەڵام کوێرانە لاسایی کەسم نەکردووەتەوە، نە ئەدۆنیسم و نە گۆرانم و نە نزار، لەتیف هەڵمەتم و دەنگی خۆمم هەیەو ڕێبازی شیعری خۆم هەیە. ئەگەر نەختێ بەهەڵەشەیشەوە بێ دەستپێکەرییم کردووە لەم بوارەدا. لافی ئەوەیش لێنادەم کە من تەنیا هەر خۆم بووم، نەخێر، ئێمە، واتە گروپی کفری، چوار کەس بووین. ئەو چوارەی لەپێشدا باسم کردن و دووانمان خۆمان بۆ شیعر تەرخان کردبوو، دووانمان بۆ چیرۆك. بەکورتی بڕیارمان دابوو، ڕێبازێکی نوێ بۆ شیعرو چیرۆکی کوردی بدۆزینەوە. وابزانم توانیمان، ئەم مەسەلەیەش لێکۆڵینەوەی دەوێ و من نامەیەکی زۆرم لە نامەکانی ئەو سەردەمەمان پاراستووە لە (٦٥-٧٥) کە باسی ئەوەی تیادا دەکەین ئەدەبی کوردی پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، یا باسی پرۆژەکانی ئەوسای خۆمانی تیادا دەکەین.. پشت بەخوا گەلێ لەو نامانە وەکو بەڵگەگەلێکی مێژوویی لەم بیرەوەرییانەمدا دەخەمە بەرچاو.

جگە لەخوێندنەوەی وێژەی نەمری جیهانی بەڕای من هەر شاعیرێکی کورد سەدان دەقی شیعری فۆلکلۆری و لاوك و حەیران نەخوێنێتەوە ناتوانێ ببێ بەشاعیرێکی ڕەسەن و شێوازی تایبەتی خۆی دروست بکات، ئایا ئەمە تازە نییە:

**خۆزگەم بەو ئاوەی بەرەو خوار ئەڕوا**

**سێوێکی تێخەی بۆ لای یار ئەڕوا**

**ڕانەکەم ڕۆیی بندارو بندار**

**دڵ هەر یەکێکە مەیدە بەهەزار**

**ئەو کێوە بەرزەی تەمی لەبنە**

**ئەوە تەم نییە هەناسەی منە...هتد**

ئەم شیعری کوردییە لەهیچ وەرزێکدا نامرێ و هەمیشە خۆی تازە دەکاتەوە، مەولەوی بەشێوەیەکی نوێ خەمی دووری عەنبەر خاتوون بۆ یارانی خۆی هەڵدەڕێژێ و مەلای جزیری بەشێوەیەکی نوێ بۆ (سەلمە)ی دەستگیرانی دەگری. نالی بەشێوەیەکی نوێ باسی دووریی (حەبیبە)و دڵڕەقی ئەو جەندورمانە دەکات کە داری سەر گۆڕستانەکانیشیان دەسووتان. هەروەها شیعری کوردی بایەخی بەکێشە مرۆڤایەتییەکان داوەو لەو بارەیەوە کامەران موکری لەشیعرێکی جۆشداردا سڵاوی کوردستان بە جەزایر دەگەیەنێ. گۆران زۆر هونەرمەندانە گۆرانی بۆ پۆڵ ڕۆپسن دەنووسێ و باسی ئاشتی و برایەتیی گەلان دەکات. دەیان شاعیری تر باسی شۆڕشی بەردی فەلەستین و چەوساندنەوەی ڕەگەزی ڕەش لەئەمەریکا و خوارووی ئەفریقیا و ئازایەتی جیڤارا و لۆمۆمبا دەکەن.

لەڕووبەری شیعری کوردیدا هەموو تەوژمەکان شەپۆل دەدەن. هەندێ کەس بەناوی نوێکارییەوە دەنگ هەڵدەبڕن و هیچیان لەباردا نییەو هەندێکی دی زمانەکەیان شلۆقەو لەبری ئەوەی بڕۆن دەقی کوردی بخوێننەوەو هەر نەبێ زمانەکەیان ڕاست بکەنەوە ئەنجا لافی گەورە لێدەن کەچی دەچن پێلەقە لە گەنجینەی زێڕینی شیعری کوردی دەدەن..و بەیاننامەی نوێخوازی دەردەکەن و هەندێ کەسیش دەرگایان لەخۆیان داخستووەو خەریکی جوینەوەی شتە سواوەکانن و دان بەهیچ تازەکردنەوەیەکدا نانێن و هەموو تازەکردنەوەیەك بەناڕەسەن دادەنێن. لەهەموو شتێ سەیرتر ئەوەیە شیعری نوێی کوردی کە گەلێ لەدەقەکانی کراونەتە چەندین زمانی جیهانی و بایەخیان پێدراوە، لەباری ئەکادیمیدا لەلای خۆمان پشتگوێخراوەو لای لێنەکراوەتەوە. هیچ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی لەسەر نەکراوە، بەپێی پێویست تاوتوێ نەکراوەو هەڵنەسەنگێدراوە. بەڵام هەرچۆنێ بێ شیعری کوردی لەبارێکی دروستدایەو دەنگی ڕەسەنی تیادا هاتۆتە کایەوەو گەنجینەیەکی دەوڵەمەندەو ئاستێکی جیهانی تیادا بەدی دەکرێ.

بەڵام بەداخەوە.. ئەم گەنجینەیە، واتە گەنجینەی شیعری نوێی کوردی پشتگوێخراوە، چونکە زۆربەی چاوەکان ئاشنای گەنجینەی لەم جۆرە نین و ڕق و کینەی تایبەتیش گەلێ دڵی کرمێ کردووە.